# ژ نێك

## هەمیـــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــشە رووت..

قوبادی جەلی زادە
jalyzada@hotmail.com



ژ نێك بەرووتی ،
چووە نێو بانقێکەوە ..
کلیلەکان بوون بە پرووشەی گزنگ و
قاسەکان هاتنە سەر گازەرەی پشت .

ژ نێك بە رووتی ،
چووە ناو باغچەیەکەوە ..
چۆلەکەکان بە رووتی گۆرانیان بۆ چڕی و
خونچەکان ،مەمکدانەکانیان
فرێدا .

ژ نێك بە رووتی ،
چووە ناو ، ژورێکی پر لە باروودەوە ..
تفەنگ بوون بە شۆرەبی و
مەخزەنی فیشەکیش ،
بە شانەی ئالّتوون .

ژ نێك بە رووتی ،
چووە نێو کتێبخانەیەکی گشتی یەوە ..
کتێبە حیجاب پۆشەکان ، دەست بە جێ
مەقنەو مانتۆیان
لەبەرخۆ دادڕی .

ژ نێك بە رووتی ،
چووە کۆنگرەی حیزبەوە ..
حزب ئەژنۆی شکا .

ژ نێك بە رووتی ،
چووە ناو رووبارێكەوە ..
ماسی و
قرزاڵ و
بۆقەكان ..، ،
لە ساتە وەختێكدا ،
رەحەت بوون .

ژ نێك بە رووتی ،
بە راستە شەقامێكی شاردا ..
تێپەڕی .. ،
فیكە لە دەمی پۆلیسی رێوان دا ،
بوو بە نوقڵ .

ژ نیك بە رووتی ،
چووە ناو مزگەوتێكی سیاحی یەوەە ..
نوێژكەران ، وەك یاری دۆمینیك ،
بەسەر یەكتریدا رمان .

ژ نێك بە رووتی ،
چووە ناو كەركووكی گڕەوە ..
كوردو
عەرەب و
كلدۆئاشوورو
توركمان ،
بوون بە برا .

ژ نێك بە رووتی ،

چووە ناو باوەشی تیرۆرستێکەوە ..
تیرۆرست ، نارنجۆکەکانی فرێداو
دەستی پڕ کردن لە مەمك .

ژ نێك بە رووتی ،
چووە ناو هۆڵی پەرلەمانەوە ..
بێ ئەوەی کەس بگەڕێتەوە بۆ حزب ،
سەد دەر سەد ،
دەنگیان دا بە ( رووتی . )

ژ نێك بە رووتی ،
چووە ناو مەشخەڵانی ئاگرەوە ..
پشکۆ بە بڵێسە سوورەکانی ووت :

(( یا نار کونی بردا و سلاما ))